www.kurdistannet.org 04/01/2002 22:48

# ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی وسەرکەوتنیکی تری ژنان لە تورکیا

مەحمود ئەحمەد
Laros98@yahoo.com

بە دوای هەرەسی تالیبان و سەرنگوونی دەسەلاّتی رەشی ئیسلامی، لە جەرگەی ئاکامی رووداوەکانی دوای ١١ ی سیپتیمبەری ٢٠٠١ . ئیسلامی سیاسی کەوتە ژیر سەرنج و مەددیکی اجتماعی و سیاسی فراوان و هەمەلایەنە لە جیهاندا. گەورەترین جیگاو ریگای لە ئاستیکی نزم تردا بە بالا براو، وا خەریکە بەیەکجاری ئەکەویتە پەراویزی کومەلگاوە. تیروانین و تێگەیشتنەکانی ئەمرۆی دنیا لە بەرامبەر دنیای چەپەل و شەرەنگیزی خوین ریژی ئیسلامی، یانی دەرك کردنی ئەفکاری گشتی جیهانی سەبارەت بەجینایات و تاوان کارییەکانی ئەم سەردەمەی بزوتنەوەی کونەپەرستی ئیسلامی و دارودەستەی چەقوکیشی مەزهەبی، لە چاو سالانی رابردوودا زیاتر بو هەموان لە روشنتر و ملموس تر بۆتەوە. جاریکی تر هیرشی دووبارەی فەراهەم کردوتەوە بو هەلپیچانی ئەم باندومافیا ئینسان کوژانە، ئەم نەبەردە گەورە ئینسانییە دریژەی دەبیت و حەتمییە لە ناوچەکە و لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا. بەم پیٚیەو لە دریژەی ئەم ئالّ و گۆر و هاوکیشە سیاسییانەدا کە خەریکە بە تەواوەتی بە زیانی ئیسلامی سیاسی لە دنیادا تەواو ئەبیت. داخوازی و کیشەی کۆن و نەبراوەی مافە فەردی و ئینسانییەکان دینە مەیدان و، جاریکیتر مۆری خۆی دەنیتە میژووی روو لە گەشەو هەلدانی بزووتنەوەی رادیکالیزم. ئەم نەبەردەش تەنها بە هیزی رادیکال وپیشرەو،یانی بە هیمەتی کۆمۆنیستەکان زامن دەبێو دەچیتە پیشەوە لە پیناو ژیان و ئایندەیەکی باشتر بۆ ئینسانەکان. لە رەوەندی ئەم ئالّ و گۆرانەدا، دەولەتی تورکیا لە ترسی نفوزی روو لە سەری بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیلە رابردوودا، پاش چەندین سال کیشمەکیشی خۆی لەگەلّ مافەرەواکانی ژنان، بە ناچاری چەندین قانوونی نۆرمالیتر و ئینسانی بە قازانجی مەسائیلە کانی ژنان لە رێی پەرلەمانەوە بە رەسمی ناساند. بریارە لە سەرەتای سالی نوێی ٢٠٠٢ دا بخریتە دەستووریکارەوە، لەوانە:

١.بێ بایەخ هیشتنەوەو، نزم کردنی بالاّ دەستی پیاوان لە سەر ژنان.

٢.هەلوەشانەوەی دەوری پیاو بەنهایی، دەربارەی شئونی داخلی خیزان و هاوکات ژن و پیاو ئازادن لە بەریوەبردنی کاروباری خیزان.

٣.ئازادکردنی کار لە بەردەم ژنان داو، پیاو مافی ریگری ئیش و جۆری ئیشی نییە لەسەر ژنان.

٤.ئاسان تر کردنی مافی جیابوونەوە، هەرکات جیابوونەوەروویدا، مالّ و دارایی لە نیوان هەردوولادا بە یەکسانی لە بەرچاو دەگیرێ.

٥.بە رەسمی ناسینیمافی دایکایەتی بۆ ژنان، ئەو منالاّنەی لە دەرەوەی خیزاندا لە دایك دەبن، یەکسان و بەرابەر لەگەلّ ئەو منالاّنەی کە لە زەواجی رەسمی دا لە دایك دەبن.

لە راستی دا ناساندنی ئەم مافە سەرەتاییيانەی ژنان لەلایەن دەولەتی تورکیاوە،خەباتی بەردەوام و لە میژینەی ژنان خۆیان بوو، کە سالەهایە لە ناو سوونەتی کۆنەپەرستی شەرم باوەری ئیسلام گینگل ئەداو، ئەمرۆ بەئاوابوونی رەشترین دەسلاّتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، ئاسۆی ئینسانیبوونی زیاتر بۆ ژنان ئەنەخشینێ کە دەبیت تەکان دەرو دەورو هەنگاوی جدیتر بۆ بەدەستهینانی تەواوی مافەکانیان.

سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٠١

©Kurdistan Nêt